# نەریت و بەهرەی تاکەکەس

نووسینی/ ت. س. ئیللیەت

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە/ عەتا قەرەداخی

-١-

لە نووسینی ئینگلیزیدا بە دەگمەن قسە لەبارەی نەریتەوە دەکەین، هەرچەندە ناوبەناو لە ئەنجامی پەستی و نیگەرانی ئامادەنەبوونیدا ناوەکەی بەکاردەهێنین. ئێمە ناتوانین ئاماژە بۆ نەریت یان نەریتێک بکەین، بەڵکو لەباشترین دۆخدا، زیاتر ئاوەڵناوەکەی بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی بڵێین شیعری فلان نەریتیە، یان تەنانەت زۆر نەریتیە. ئەم وشەیە مەگەر لە دەستەواژەی سەرزەنشتکردندا، ئەگینا لەوانەیە بە دەگمەن دەربکەوێت. ئەگەر کارەکە بەمجۆرە بێت، ئەوا ئاماژەیەکی نائاسکرای پەسەندکردن هەڵدگرێت، لەگەڵ ئەو واتا شاراوەیەی کە دەیگەیەنێت، پەیوەست بەو کارەی کە پەسەند کراوە، هەندێک بنیاتنانەوەی شوێنەواریی رازیکەر هەن. بەزەحمەت دەتوانیت ئەم وشەیە بە گوێی ئینگلیزیی ئاشنا بکەیت، بەبێ ئەم ئاماژە خۆشیهێنەرە بۆ زانستی دڵنیاکەرەوەی شوێنەوار.

بە دڵنیاییەوە پێناچێت لە هەڵسەنگاندنی ئێمەدا بۆ نووسەرانی زیندوو یان مردوو، ئەم وشەیە دەربکەوێت. هەموو نەتەوەیەک، هەموو ڕەگەزێک، تەنها هەر ئاراستەی داهێنانی خۆیی نیە، بەڵکو ئاراستەی ڕەخنەیی تایبەتی خۆیشی هەیە، تەنانەت زۆرتر لە کەموکوڕی و سنووردارییەکانی خووە ڕەخنەییەکانی خۆی بێئاگایە لە چاو ئەوەی لە بەهرەدارە داهێنەرەکانیدا هەیە. ئێمە لەو بارستە گەورەیەی نووسینی ڕەخنەیی کە لە زمانی فەرەنسیدا دەرکەوتووە، میتۆد یان خووی ڕەخنەیی فەرەنسییەکان دەزانین، یان پێمانوایە دەیزانین. ئێمە تەنها بەو ئەنجامە دەگەین (کە خەڵکی ناهوشیارین) و فەرەنسییەکان لە ئێمە ڕەخنەگرترن، تەنانەت هەندێ جاریش کەمێک شانازی بەو راستیەوە دەکەین، وەک ئەوەی فەرەنسییەکان کەمتر خۆبەخۆ-عەفەوین- بن. لەوانەیە بەوجۆرەش بن، بەڵام دەشێت ئێمە بیری خۆمانی بخەینەوە کە ڕەخنە وەک هەناسەدان شتێکە هەر دەبێت ببێت و نابێت ئێمە لەوە خراپتر بین بۆ خستنەڕووی ئەوەی بە مێشکماندا گوزەردەکات کاتێک کتێبێک دەخوێنینەوە و هەست بە سۆزێک دەکەین بەرامبەری، بۆ ڕەخنەگرتن لە عەقڵی خۆمان لە کارە ڕەخنییەکانی ئەواندا. یەکێک لەو ڕاستیانەی کە دەشێت لەم پرۆسەیەدا رووناکی بکەوێتە سەر، مەیلی ئێمەیە بۆ پێداگریکردن، کاتێک ستایشی شاعیرێک دەکەین، لەسەر ئەو لایەنانەی بەرهەمەکەی کە تێیدا کەمترین لێکچوونی لەگەڵ هەر

کەسێکی تردا هەیە. لەم لایەنانە یان لەم بەشانەی کارەکەیدا، ئێمە وانیشان دەدەین ئەوە دەدۆزینەوە کە تاکەکەسییە، واتە ئەوەی کە جەوهەری تایبەتی مرۆڤە .

ئێمە بە ئاسوودەییەوە لە جیاوازی شاعیرێک لەگەڵ شاعیرانی پێش خۆیدا رادەمێنین، بە تایبەتی ئەوانەی کە راستەخۆ پێش ئەم دێن. ئێمە هەوڵ دەدەین شتێک بدۆزینەوە کە بتوانرێت پەرت بکرێت بۆ ئەوەی چێژی لێ وەربگرێت. لە کاتێکدا ئەگەر ئێمە بەبێ ئەم لایەنگیرییە لە دنیای شاعیرێک نزیک ببینەوە، ئەوا زۆرجار بۆمان دەردەکەوێت کە نەک تەنها لە باشترینەکانە، بەڵکو دەگمەنترین بەشەکانی کارەکانی لەوانەیە ئەوانە بن کە شاعیرە مردووەکان، واتە پێشینانی خۆی، بە ئەوپەڕی پێداگرییەوە تێیدا دڵنیایی لە نەمریی خۆیان دووپات دەکەنەوە. من مەبەستم قۆناغی کاریگەری هەرزەکاری نیە، بەڵکو مەبەستم قۆناغی پێگەیشتنی تەواوە.

بەڵام ئەگەر تاکە شێوەی نەریت، واتە بە میراتیکردن، پێکبێت لە پەیڕەوکردنی ڕێگاکانی نەوەی راستەوخۆی پێش ئێمە لە پابەندبوونێکی کوێرانە یان ترسنۆکانەدا بە سەرکەوتنەکانی، ئەوا دەبێ نەریت بە شێوەیەکی ئەرێنی هاننەدرێت. ئێمە زۆرێک لە شەپۆلی سادەی لەو جۆرەمان بینیوە کە بە زوویی لەناو لمدا ونبوون، تازەگەری لە دووبارەکردنەوە باشترە. نەریت بابەتێکی گرنگی زۆر فراوانترە. ناتوانرێت بە میرات وەربگیرێت و ئەگەر نەریتت بوێت، دەبێت بە کارو کۆششی زۆر بەدەستی بهێنیت. نەریت لە پلەی یەکەمدا، هەستی مێژوویی لەخۆدەگرێت، کە دەشێت ئێمە بۆ هەر کەسێک تا ئەندازەیەکی زۆر وەک شتێکی رەتنەکراوە ناویبهێنین کە لەدوای تەمەنی بیست و پێنجەمین ساڵی بەردەوام بێت لەوەی ببێتە شاعیر. هەستی مێژوویی تێڕوانینێک لەخۆدەگرێت، نەک تەنها بۆ بەسەرچوونی ڕابردوو، بەڵکو بۆ ئامادەبوونی رابردوو. هەستی مێژوویی مرۆڤ ناچار دەکات نەک تەنها لە رێگای کاریگەربوون بە نەوەکەی خۆی بنووسێت، بەڵکو بە هەستێکەوە کە تەواوی ئەدەبیاتی ئەورووپا لە هۆمەرەوە لەناویدا تەواوی ئەدەبیاتی وڵاتەکەی خۆی بوونێکی هاوکاتی هەیە و رێکخستنێکی هاوکات پێکدەهێنێت. ئەم هەستە مێژووییە کە هەستکردنە بە نەمری و هەروەها هەستکردنە بە کاتیبوون و هەستکردنە بە نەمری و کاتیبوون پێکەوە، ئەوەیە کە نووسەر دەکات بە نەریتی. هەروەها لە هەمان کاتدا ئەوەیە کە نووسەر وا لێدەکات بە وردی ئاگاداری شوێنی خۆی بێت لە کاتداو ئاگاداری هاوچەرخێتی خۆی بێت.

هیچ شاعیرێک، هیچ هونەرمەندێکی بواری هەر هونەرێک، بەتەنها مانای تەواوی خۆیی نیە. گرنگی ئەو، هەڵسەنگاندنی ئەو، هەڵسەنگاندنی پەیوەندیی ئەوە بۆ شاعیران و هونەرمەندانی کۆچکردوو. تۆ ناتوانیت بەدانانی شاعیرێک بەتەنیا بەهای پێبدەیت، پێویستە ئەو شاعیر-هونەرمەندە بخەیتە بەرامبەر مردووەکان و لەگەڵ ئەواندا بەراوردی بکەیت. مەبەستم لەمە بنەمایەکی جوانیناسییە، نەک تەنها

ڕەخنەی مێژوویی. پێویستی ئەوەی کە ئەو- ئەوی شاعیر- خۆی لەگەڵیدا بگونجێت، لەگەڵیدا یەکگرتوو بێت، یەکلایەنە نیە. ئەوەی ڕوودەدات کاتێک بەرهەمێکی هونەری نوێ دادەهێنرێت، شتێکە لە یەک کاتدا بەسەر هەموو ئەو بەرهەمە هونەریانەدا ڕوودەدات کە لە پێش ئەوەوە دێن. نیشانەو شوێنەوارە هەبووەکان لە نێوان خۆیاندا ڕێکخستنێکی نموونەیی پێکدەهێنن، کە بە هاتنەناوەوەی بەرهەمێکی هونەریی نوێ ( بەڕاستی نوێ) بۆ ناویان، گۆڕانکاری دەکرێت. ئەو ڕێکخستنەی هەبوو پێش هاتنی کارە نوێیەکە، تەواو بووە. بۆ ئەوەی دوای هاتنی کارە نوێیەکە، ئەو ڕێکخستنە بەردەوام بێت، دەبێت تەواوی ئەو ڕێکخستنە- ئەو سیستەمە-ی هەبوو، تەنانەت ئەگەر زۆر بە ڕووکەشیش بێت، بگۆڕدرێت. بەم شێوەیە پەیوەندییەکان و ڕێژە- قەبارەو بەهاکانی هەر بەرهەمێکی هونەری بەرامبەر بە کۆی گشتی ڕێکدەخرێنەوە. ئەمەش ڕێکەوتن و گونجانە لە نێوان کۆن و نوێدا. هەرکەسێک ئەم بیرۆکەیەی ڕێکخستنن و شێوەی ئەدەبی ئەورووپی و ئەدەبی ئینگلیزی پەسەند کردبێت، وای نابینێت کە کارێکی نابەجێ بێت کە پێویست بێت ڕابردوو بە ئێستا بگۆڕدرێت، ئێستا لەلایەن ڕابردووەوە ئاراستە دەکرێت. ئەو شاعیرەی کە لەمە بەئاگایە ،لە کێشەو بەرپرسیارێتیە مەزنەکانیش بەئاگادەبێت .

بە مانایەکی تایبەت ئەو شاعیرە ئەوەش دەزانێت، کە بێ چەندوچوون دەبێت بە پێوەرەکانی ڕابردوو هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت- حوکمی بەسەردا بدرێت-. من دەڵێم حوکم بدرێت نەک لە لایەن ئەوانەوە پەلی ببڕرێت، نەک حوکم بدرێت بەوەی باشە هەروەک بەرهەمی مردووەکان، یان خراپترە یان باشترە لەچاو بەرهەمی ئەواندا. هەروەک بە دڵنیاییەوە ناشێت بە یاسای ڕەخنەگرانی مردوو حوکم بدرێت. ئەوەش حوکمێکە، بەراوردێکە، کە تێیدا دوو شت لەلایەن یەکترەوە دەپێورێن. ئەوەش تەنها خۆگونجاندن دەبێت و مانای ئەوەیە ئەگەر کارە نوێیەکە لە ڕاستیدا بە هیچ شێوەیەک گونجاونەبێت، ئەوا نوێیش نابێت، لەبەرئەوە نابێتە کارێکی هونەری. ئێمە بەتەواوی ناڵێین کە نوێ پڕبەهاترە چونکە لەناو خۆیدا دەگونجێت، بەڵام گونجانی لەناوخۆیدا تاقیکردنەوەی بەهاکەیەتی، واتە بەهای تاقیکردنەوەی. ئەوەش ڕاستە کە تەنها بە هێواشی و بە وریاییەوە دەتوانرێت ئەوە پیادەبکرێت، چونکە هیچ کام لە ئێمە دادوەری بێ هەڵەی هاوتاکردن نین. ئێمە دەڵێین: وا دەردەکەوێت هاوتابێت و لەوانەیە تاکەکەسی بێت، یان وا دەردەکەوێت تاکەکەسی بێت و دەشێت هاوتا بێت، بەڵام ئێمە بەزەحمەت بۆمان دەردەکەوێت کە یەکێکیانە و ئەوی تریان نیە.

بۆ ئەوەی بچینە سەر لێکدانەوەیەکی ڕوونتری پەیوەندی شاعیر بە ڕابردووەوە: شاعیر نەدەتوانێت ڕابردوو وەک یەک پێکهاتە، یان وەک قومێکی هەڕەمەکی وەربگرێت، نەدەتوانێت خۆی بە تەواوی لەسەر یەک یان دوو سەرسامی تایبەت بنیادبنێت، نە دەتوانێت خۆی بە تەواوی لەسەر یەک قۆناغی پەسەندکراو پێکبهێنێت. ڕێگای یەکەم بوارپێدراو نیە، دووەم ئەزموونێکی گرنگی سەردەمی لاوێتیە، سێیەمیش تەواوکەرێکی خۆش و دڵخوازە. پێویستە شاعیر زۆر بەئاگا بێت لە ڕەوتی سەرەکی، کە بە

هیچ جۆرێک بە شێوەیەکی بێگۆڕان بەناو ناوە هەرە بەناوبانگەکاندا گوزەرناکات. دەبێت شاعیر تەواو ئاگاداری ئەو ڕاستییە ئاشکرایە بێت کە هونەر هەرگیز پەرەناسەنێت، بەڵکو بابەتەکە ئەوەیە کە کەرەستەی هونەر هەرگیز بە تەواوی هەمان شت نیە- بەردەوام دەگۆڕێت-. پێویستە شاعیر ئاگاداری ئەوە بێت کە عەقڵی ئەوروپا- عەقڵی وڵاتەکەی خۆی- عەقڵێکە لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا دەزانێت زۆر لە عەقڵی تایبەتی خۆی گرنگترە- عەقڵێکە دەگۆڕێت و ئەم گۆڕانکارییە بریتیە لە گەشەکردنێک کە لە ڕێگای خۆیدا دەستبەرداری هیچ شتێک نابێت، واتە نە ئاسەواری شکسپیر، یان هۆمیرۆس، یان وێنەکێشانی سەر بەردی قۆناغی نەخشەسازی ماجدالینی بەلاوە نانێت. ئەو گەشەکردنە، لەوانەیە پوختەکردن بێت، بەدڵنیاییەوە ئاڵۆزبوونە، لە ڕوانگەی هونەرمەندەوە، هیچ باشترکردنێک یان پەرەسەندنێک نیە. لەوانەیە تەنانەت هیچ چاککردنێک نەبێت لە ڕوانگەی دەروونناسەوە یان تا ئەو مەودایە نەبێت کە ئێمە خەیاڵی دەکەین. لەوانەیە لە کۆتاییدا تەنها لەسەر بنەمای ئاڵۆزی ئابووری و ئامێرسازی وەستابێت. بەڵام جیاوازی ئێستا و ڕابردوو ئەوەیە کە ئێستای هۆشیار بەئاگاییەکە لە ڕابردوودا، بەڕێگایەک تا ڕادەیەک هۆشیاری ڕابردوو بۆ خۆی ناتوانێت نیشانی بدات.

کەسێک گووتی: نووسەرانی مردوو لە ئێمە دوورن، چونکە ئێمە زۆر لەوە زیاتر دەزانین کە ئەوان دەیانزانی. بە وردی ئەوان ئەوەن کە ئێمە دەیانناسین. من چالاکم لە بەرامبەر ناڕەزایەتییەکی ئاساییدا بەرامبەر بەو شتەی کە بە ڕوونی بەشێکە لە بەرنامەکەم بۆ پیشەی- پیشەسازیی- شیعر. ناڕەزایەتیەکە ئەوەیە کە ئەو بیروباوەڕە پێویستی بە ئاستێکی زۆری زانین ( فێرکاری) هەیە، ئەوەش داوایەکە کە دەتوانرێت بە پەنابردن بۆ ژیانی شاعیران لە هەر کۆمەڵگایەکی شیعریدا ڕەت بکرێتەوە. تەنانەت دڵنیایی لەوە دەکرێتەوە کە ئاستێکی زۆر لە زانین هەستی شیعریی دەسڕێتەوە یان دەیشێوێنێت. لە کاتێکدا، هەرچەندە، ئێمە پێداگرین لەسەر ئەوەی کە شاعیر دەبێ ئەوەندە بزانێت کە بەسەر وەرگرتنی پێویستی خۆیی و تەمبەڵی پێویستی خۆیدا تێنەپەڕێت. هەروەک شتێکی پەسەند نیە زانین لە هەر شتێکدا قەتیس بکرێت کە بتوانرێت بخرێتە شێوەیەکی بەسوودەوە بۆ تاقیکردنەوەکان و ژووری وێنەکێشان، یان بخرێتە شێوازە بانگەشەیەکی زیاتر خۆنمایشکەرانەوە. هەندێک دەتوانن زانست وەربگرن، بەڵام ئەوانەی زیاتر خاو و خلیچکن پێویستە عەرەق لە پێناوی بەدیهێنانیدا بڕێژن. شکسپیر مێژووی بنچینەیی زیاتری لە پلۆتارکەوە بەدەستهێنا بەراورد بەوەی زۆربەی پیاوان دەیانتوانی ئەوە لە تەواوی مۆزەخانەی بەریتانیادا بەدەستیبهێنن. ئەوەی پێویستە پێداگری لەسەر بکرێت ئەوەیە کە شاعیر دەبێت هۆشیاری ڕابردوو پەرەپێبدات یان دەستەبەر بکات و بە درێژایی کاروانی ژیانی پیشەیی خۆی بەردەوام بێت لە پەرەپێدانی ئەم هۆشیارییە.

ئەوەی ڕوودەدات خۆبەدەستەوەدانی بەردەوامی- شاعیر- خۆیەتی وەک ئەوەی لە ئێستادا ئەو خۆبەدەستەوەدانە لە پێناوی شتێکی بەنرخترادیە. پێشکەوتنی هونەرمەند خۆبەختکردنێکی بەردەوامە،

لەناوچوونی بەردەوامی کەسایەتیە. پێناسەکردنی ئەم پرۆسەی ناکەسایەتیکردن و پەیوەندییەکەی بە هەستی نەریتەوە دەمێنێتەوە. هەر لەم داماڵینی کەسایەتیەدایە کە ڕەنگە بگوترێ هونەر لە بارودۆخی زانست نزیک دەبێتەوە. بۆیە بانگهێشتتان دەکەم بۆ بیرکردنەوە وەک لێکچوونێکی پێشنیارکراو، ئەو کردارە لەبەرچاو بگرن کە کاتێک ڕوودەدات کە کەمێک پلاتینی وردی ڕیشاڵی دەخرێتە ژوورێکەوە کە ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی گۆگردی تێدایە.

-٢- -

ڕەخنەی ڕاستگۆیانە و نرخاندنی هەستیارانە ئاراستەی شاعیر ناکرێت، بەڵکو ئاراستەی شیعر دەکرێت. ئەگەر سەرنجی هاوارە سەرلێشێواوەکانی ڕەخنەگرانی ڕۆژنامە و چرپەچرپی دووبارەی ئەو جەماوەرە بدەین کە بە دوایدا دێت، گوێمان لە ناوی ژمارەیەکی گەورەی شاعیران دەبێت. ئەگەر ئێمە بەدوای زانینی کتێبی شیندا نەگەڕێین، بەڵکو بەدوای چێژی شیعردا بگەڕێین و داوای شیعرێک بکەین، ئەوە بە دەگمەن دەیدۆزینەوە. من هەوڵمداوە ئاماژە بە گرنگی پەیوەندی ئەم شیعرە بە شیعرەکانی تری نووسەرانی ترەوە بکەم، هەروەها پێشنیاری چەمکی شیعرم کردووە وەک گشتێکی زیندوو لە هەموو ئەو شیعرانەی کە تا ئێستا نووسراون. لایەنی تری ئەم تیۆرییە ناکەسیەی شیعر پەیوەندی شیعرەکەیە بە نووسەرەکەیەوە. هەروەها من لە ڕێگای لێکچوونێکەوە ئاماژەم بەوە کرد کە عەقڵی شاعیری پێگەیشتوو جیاوازە لە عەقڵی شاعیری پێنەگەیشتوو، بەتایبەتی کە ئەوە پەیوەندی بە هیچ هەڵسەنگاندنێکی کەسایەتیەوە نیە، هەروەها مەرج نیە ئەوە بایەخدار بێت یان ئەو شتی زیاتری هەبێت بۆ ئەوەی بیڵێت، بەڵکو زیاتر ئەوەیە ببێتە ناوەندێکی وردتر کە تێیدا هەستە تایبەتەکان، یان هەستە زۆر جۆراوجۆرەکان، ئازادبن بچنە ناو پێکهاتەی نوێوە.

ئەم لێکچوونە لێکچوونێکی هاندەر بوو. کاتێک ئەو دوو مادە گازەی پێشتر باسکران لە بوونی تاڵێکی پلاتیندا تێکەڵ دەکرێن، ترشی گۆگرد دروست دەکەن. ئەم تێکەڵکردنە تەنها لە دۆخێکدا ڕوودەدات کە پلاتینەکە هەبێت، سەرەڕای ئەوەش ترشە تازە دروستبووەکە هیچ ئاسەواری پلاتینی تێدا نەبێت و پلاتینەکە خۆی بەرواڵەت هیچ کاریگەریەکی لەسەر نەبێت، واتە بە ناچالاکی و بێلایەنی و نەگۆڕی مابێتەوە. عەقڵی شاعیر پارچە پارچەی پلاتینە. لەوانەیە بە شێوەیەکی بەشیی یان بەگشتی لەسەر ئەزموونی خودی مرۆڤەکە کار بکات، بەڵام تا هونەرمەند تەواوترو پێگەیشتووتر بێت، ئەو پیاوەی ئازار دەچێژێت و ئەو عەقڵەی کە داهێنان دەکات، بە تەواوی لە ناو ئەو هونەرمەندەدا جیا دەبنەوە، تا عەقڵ بەتەواوی ئەو هەست و سۆزانە هەرس دەکات و دەیانگۆڕێت کە کەرەستەی ئەون.

تێبینی ئەزموون دەکەیت، واتە ئەو توخمانەی کە دەچنە ناو بوونی پاڵنەر یان هاندەری گۆڕانەوە دوو جۆرن کە بریتین لە سۆز و هەستەکان. کاریگەری کارێکی هونەری لەسەر ئەو کەسەی کە چێژی لێ

وەردەگرێت، ئەزموونێکە لە جۆردا جیاوازە لە هەر ئەزموونێک کە هونەری نەبێت. ئەوەش لەوانەیە لە یەک سۆز پێکبێت، یان تێکەڵەیەک بێت لە چەند سۆزێک و هەستە جۆراوجۆرەکان پێکەوە پێکبێت، کە رەگوڕیشەی بۆ نووسەر لە وشە یان دەستەواژە یان وێنەی تایبەتدایە، کە دەشێت بۆ داڕشتنی ئەنجامی کۆتایی زیادبکرێت. یان لەوانەیە شیعری گەورە بەبێ بوونی هیچ هەستێک بەهەر شێوەیەک بنووسرێت: کە بەتەنها لە سۆزو هەستەکانەوە داڕێژراوە. چامەی پانزەی دۆزەخی (برۆنێتۆ لاتینی) بەرجەستەکردنی سۆزی دیارو لەبەرچاوە لەو دۆخەدا، بەڵام کاریگەرییەکە، هەرچەندە وەک کاریگەری هەر کارێکی هونەری سادەیە، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزییەکی بەرچاوی وردەکارییەوە بەدەست دێت. دوا چوارینەی دوایی وێنەیەک پێشکەش دەکات، هەستێک کە بە وێنەیەکەوە لکاوە، کە هاتووە، کە بەشێوەیەکی سادە لە دەرەوەی ئەوە پەرەینەسەندووە کە لە پێشیەوە دێت، بەڵام لەوانەیە لە مێشکی شاعیردا پێشتر هەڵواسرابێت تاکو تێکەڵەیەکی گونجاو دەگاتە ئەوەی خۆیی بۆ زیاد بکات. مێشکی شاعیر لە ڕاستیدا وەرگرێکە بۆ وەرگرتن و کۆکردنەوەی ژمارەیەکی بێ پایانی هەستەکان و دەستەواژەکان و وێنەکان کە لەوێ دەمێننەوە تا هەموو ئەو تەنۆلکانەی کە دەتوانن یەکبگرن بۆ پێکهێنانی ئاوێتەیەکی نوێ پێکەوە ئامادەبن .

ئەگەر چەند بڕگەیەکی گەورەترین شیعر وەک نموونە بەراورد بکەیت، ئەوا دەبینیت کە جۆراوجۆریتی چەشنەکانی پێکهاتن و یەکگرتن چەند گەورەیە، هەروەها دەبینیت هەر پێوەرێکی نیمچە ئەخلاقی 'بڵندبوون' چۆن ئامانجەکە لە دەست دەدات، چونکە ئەوە گەورەیی و چڕی هەست و سۆزەکان و پێکهاتەکان نیە، بەڵکو چڕی پرۆسەی هونەری و فشارە، ئەگەر گونجاو بێت بڵێین، لە سایەیدا ئەو تێکەڵبوونە ڕوودەدات، کە بەهێند وەردەگیرێت. ئەڵقەی پاولۆ و فرانسیسکا هەست و سۆزێکی دیاریکراو بەکاردەهێنێت، بەڵام چڕی شیعرەکە شتێکی تەواو جیاوازە لە هەر چڕییەک لە ئەزموونێکی گریمانەکراو کە ڕەنگە ئەو کاریگەریە بدات کە چڕتر نیە لە چامەی بیست و شەشەم، واتە" گەشتی یۆلۆسیس"، کە وابەستەی راستەوخۆی هیچ هەست و سۆزێک نیە. لە پرۆسێسی گۆڕینی هەست و سۆزدا ئەگەری جۆراوجۆرییەکی گەورە لە ئارادایە، بۆ نموونە کوشتنی ئاگامێمنۆن، یان ئازاری ئۆتێلۆ، کاریگەرییەکی هونەری پێشکەش دەکات، کە بەڕواڵەت نزیکترە لە ئەسڵێکی شیاو لەچاو ئەوەی چەند دیمەنێکی دانتێ بێت. لە ئاگامێمنۆندا، هەستی هونەری نزیک دەبێتەوە لە هەستی بینەرێکی ڕاستەقینە، لە ئۆتێلۆدا هەستی هونەری نزیک دەبێتەوە لە هەستی خودی پاڵەوانەکە. بەڵام جیاوازی نێوان هونەر و ڕووداو هەمیشە ڕەهایە. ئەو یەکبوون و تێکەڵاوبوونەی کە کوشتنی ئاگامێمنۆن نیشانی دەدات، لەوانەیە هەمان شێوەی گەشتی یولیسیس ئاڵۆز بێت. لە هەردوو حاڵەتەکەدا تێکەڵبوونی توخمەکان ڕوویداوە. شیعرە لیریکەکەی جۆن کیتس کۆمەڵێک هەستی تێدایە کە هیچ پەیوەندییەکی تایبەتییان بە بولبولەوە نیە،

بەڵام بولبول لەوانەیە بەشێکی بەهۆی ناوە سەرنجڕاکێشەکەیەوە و بەشێکیشی بەهۆی ناوبانگەکەیەوە، بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەستانە پێکەوە بەشداری و خزمەتی کردبێت.

ئەو تێڕوانینەی کە من تێدەکۆشم بۆ هێرشکردنە سەری، لەوانەیە پەیوەندی بە تیۆریی میتافیزیکی یەکێتی جەوهەریی ڕۆحەوە هەبێت: چونکە مەبەستی من ئەوەیە، کە شاعیر کەسایەتییەکی نیە بۆ ئەوەی گوزارشتی لێبکات، بەڵکو ناوەندێکی تایبەتی هەیە، کە تەنها ناوەندێکەو کەسایەتی نیە، کە تێیدا کاریگەریەکان و ئەزموونەکان بە شێوازی تایبەت و چاوەڕواننەکراو کۆدەبنەوە. کاریگەریەکان و ئەزموونەکان کە بۆ مرۆڤ گرنگن دەشێت لە شیعردا هیچ جێگەیەک داگیرنەکەن و ئەوانەی لە شیعردا گرنگن، دەشێت دەورێکی زۆر کەم لە مرۆڤدا، لە کەسایەتیدا بگێڕن.

من بڕگەیەک دەهێنمەوە کە بەشی ئەوە نامۆیە کە بە بایەخێکی نوێوە لەبەر ڕووناکی یان لە تاریکی ئەم سەرنجانەدا بە وردی سەیری بکرێت:

ئێستا من وابیردەکەمەوە کە دەتوانم سەرزەنشتی خۆم بکەم

بۆ سەرسامبوونم بە جوانییەکەی، هەرچەندە دوای

کارێکی نائاسایی تۆڵەی مردنی دەکرێتەوە،

ئایا کرمی ئاوریشم کارە زەردەکانی خۆی دەخاتە پێناوی تۆوە؟

ئایا لە پێناوی تۆدا خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە؟

ئایا دەسەڵاتەکانی پیاوانی خانەدان بۆ پاراستنی خانمان دەفرۆشرێن

لە پێناوی سوودێکی کەمی ساتێکی سەرلێشێواندا؟

بۆچی ئەو پیاوە ڕێگاوبانە خێراکان ساختە دەکات و،

ژیانی خۆی دەخاتە نێوان لێوانی دادوەرەوە،

بۆ چاککردنی شتێکی لەم جۆرە پارێزگاری لە ئەسپەکان و پیاوەکان دەکات،

بۆ ئەوەی ئازایەتییان لە پێناوی ئەو خانمەدا نمایش بکەن؟. . .

لەم بڕگەیەدا (وەک ئەوەی دیارە ئەگەر لە چوارچێوەی خۆیدا وەربگیرێت) تێکەڵەیەک لە هەست و سۆزی ئەرێنی و نەرێنی هەیە. واتە سەرنجڕاکێشانێکی بەهێزی چڕ هەیە بەرەو جوانی، هاوکات

سەرسامبوونێکی بە هەمان شێوە چڕ هەیە بەو ناشیرینیەی کە لەگەڵیدا بەراورد دەکرێت و لەناوی دەبات. لەوانەیە هاوسەنگی هەستە دژبەیەکەکان لەم هەڵوێستە دراماتیکییەدایە هەبێت، کە قسەکردنەکەی پێوە گرێدەدات، بەڵام ئەم هەڵوێستە بەتەنها بۆ ئەوە بەس نیە. ئەمە، ئەگەر دەربڕینێکی گونجاوبێت، ئەو هەستە بنیادیەیە، کە دراماکە دەستەبەری دەکات. بەڵام تەواوی کاریگەرییەکە و تۆنی باڵادەست، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو راستیەی کە ژمارەیەک هەستی رەهابوون نزیکایەتیان هەیە لەگەڵ ئەم سۆزەدا کە بە هیچ شێوەیەک لە ئاستی ڕووکەشدا ئاشکرا نیە، کە لەگەڵیدا یەکدەگرێت و تێکەڵ دەبێت بۆ ئەوەی هەستێکی هونەری نوێمان پێببەخشن.

لە هەست و سۆزە کەسییەکانی شاعیردا نا، واتە لەو هەست و سۆزانەدا نا کە بەهۆی ڕووداوە تایبەتەکانی ژیانیەوە دەوروژێنرێن، بەڵکو شاعیر بە هەر شێوەیەک بێت نایاب و جێگای بایەخ دەبێت. لەوانەیە هەست و سۆزە تایبەتەکانی شاعیر سادە بن، یان کاڵ و خاو بن، یان رووکەش بن، بەڵام هەست و سۆز لە شیعرەکانیدا شتێکی زۆر ئاڵۆز بێت، ئەمەش لە ئاستی ئاڵۆزی هەستی ئەو کەسانەدا نا کە لە ژیاندا هەستی زۆر ئاڵۆز یان نائاساییان هەیە. لە ڕاستیدا، هەڵەیەکی ناباو لە شیعردا ئەوەیە کە بەدوای هەست و سۆزی نوێی مرۆڤدا بگەڕێیت بۆ ئەوەی گوزارشتی لێبکەیت. لەم گەڕانەدا بۆ تازەگەری لە شوێنی هەڵەو نەگونجاودا شتی چەوت و لە رێگادەرچوون ئاشکرا دەبێت. ئەرک و کاری شاعیر دۆزینەوەی هەستی نوێ نیە، بەڵکو بەکارهێنانی هەستە باو و ئاساییەکان و بەکارخستنیانە لە شیعردا، بۆ دەربڕینی ئەو هەستانەی کە بە هیچ شێوەیەک لە هەستە ڕاستەقینەکاندا نین. ئەو سۆزو هەستانەی کە هەرگیز شاعیر ئەزموونی نەکردوون، بە هەمان ئاست خزمەت دەکەن هەمان شێوەی ئەو سۆزو هەستانەی کە پێیان ئاشنایە. لە ئەنجامدا دەبێت باوەڕمان بەوە هەبێت، ئەو سۆزو هەستەی کە لە ئارامیدا بە بیردەهێنرێتەوە شێوەیەکی نادروستە، چونکە نە هەستە، نە بیرەوەرییە، نە بەبێ شێواندنی مانا، ئارامییە. بەڵکو چڕبوونەوەیەو شتێکی نوێیە کە لە ئەنجامی ئەو چڕبوونەوەیەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە ژمارەیەکی هێجگار زۆر لە ئەزموون کە بۆ کەسی پراکتیکی و چالاک پێناچێت بە هیچ شێوەیەک وەک ئەزموون دەربکەون. واتە چڕبوونەوەیەکە لە بەئاگایی و لە پێناوی مەبەستێکدا ڕوونادات. ئەم ئەزموونانە" بەیادناهێنرێنەوە" و دواجار لە کەشێکدا یەکبگرن کە تەنها کەشێکی ئارام بێت، چونکە ئەوە بایەخدانێکی نەرێنیە بۆ ڕووداوەکە. بێگومان ئەمە تەواوی چیرۆکەکە نیە. کۆمەڵێک شتی زۆر هەیە لە نووسینی شیعردا، کە دەبێت هۆشیارانە و بە مەبەست بێت. لە ڕاستیدا شاعیری خراپ بەزۆری لەو شوێنەی کە ئاسایی بێئاگایە، پێویستە بەئاگا بێت، لەو شوێنەی بەئاگایە پێویستە بێئاگا بێت. هەردوو هەڵەکە بەلای ئەوەدا دەچن کە شاعیر بکەن بە" کەسیی". شیعر دەرپەڕاندنی هەست و سۆز نیە، بەڵکو راکردنە لە دەستی هەست و سۆز. شیعر دەربڕینی کەسایەتی نیە، بەڵکو راکردنە لە دەستی کەسایەتی.

بەڵام بێگومان تەنها ئەوانەی کەسایەتی و هەست و سۆزیان هەیە، دەزانن خواستی ڕاکردن لە دەستی ئەم شتانە چی دەگەیەنێت.

-٣ -

ئەم وتارە پێشنیاری ئەوە دەکات کە لە سنووری میتافیزیک یان سۆفێتیدا بوەستێت و خۆی لەم جۆرە دەرئەنجامە پیادەکردنانەدا سنووردار بکات، وەک ئەوەی کە کەسی بەرپرسیار بایەخ بە شیعر دەدات، دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت. گواستنەوەی سەرنج و بایەخدان لە شاعیرەوە بۆ شیعر ئامانجێکە جێگای ستایشە: چونکە دەبێتە هۆی خەمڵاندنێکی دادپەروەرانەتر بۆ شیعری ڕاستەقینە، بۆ باش و خراپ. زۆر کەس هەن کە دەربڕینی سۆزو هەستی ڕاستەقینە لە شیعردا بەرز دەنرخێنن، ژمارەیەکی کەمتریش هەن کە دەتوانن تەکنیکی بەرز هەڵبسەنگێنن. بەڵام کەسانێکی زۆر کەم دەزانن کەی کاتی دەربڕینی هەست و سۆزی گرنگە، واتە ئەو هەست و سۆزەی کە ژیانی لە شیعرەکەدایە نەک لە مێژووی شاعیردا. هەستی هونەر ناکەسێتیە. شاعیر ناتوانێت بگاتە ئاستی ناکەسێتی بەبێ ئەوەی بە تەواوی خۆی ڕادەستی ئەو کارە بکات کە دەبێ ئەنجام بدرێت. پێناچێت شاعیر بزانێت چی ئەنجام دەدرێت، ئەگەر لە شتێکدا نەژی کە تەنها ئێستا نیە، بەڵکو ساتەوەختی ئێستای ڕابردووە، ئەگەر ئەو بە ئاگا نەبێت، نەک لەوەی کە مردووە، بەڵکو لەوەی کە بەراستی لە ئێستادا دەژی.

سەرچاوە/

T. S. Elliot, The Sacred Wood: Essays on Poetry and Criticism, London, Methuen and Ltd, 1920, pp. 42-54.